# سەردانی ڕێبەرایەتی سازمان خەبات ی کوردستانی ئێران لە کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان



ڕۆژی چوارشەممە ١١ی بەفرانباری ١٣٨٧ی کۆچی خۆری ــــ ٣١ی دیسامبری ٢٠٠٨، بەڕێز کاك بابەشێخی حسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە هاورێیەتی بەڕێزان: کاك محەممەد محەممەدی و کاك سەید کامیل نوورانی فەرد ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کاك عەلی بەهرامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی سازمان، سەردانی بنکەی سەرکردایەتی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران یان کرد و لەلایەن بەڕێز کاك عەبدوڵا موهتەدی سکرتێری گشتی، کاك محەممەد شافعی ئەندامی دەفتەری سیاسی، کاك عەبدوڵا عەزیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کاك جەلیل عەلیپوور و کاك فاروق وەکیڵی ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە بە گەرمی پێشوازی کران.

لە کۆبوونەوەیێکدا کە ٢ سەعاتی خایاند لە سەر مەسەلە پێوەندیدارەکان بە جووڵانەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد و جوڵانەوەی ئازادیخوازی دژ بە رژیمی ئاخوندی، قسە و باس کرا.

# سەردانی بەڕێز سکرتێری سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە پارتی ئازادیی کوردستان



پاش نیوەرۆی رۆژی سێ شەممە ٢٤ی بەفرانباری ١٣٨٧، بەڕێز کاك بابەشێخی حسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە هاورێیەتی بەڕێزان: کاك محەممەد محەممەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کاك بەختیار عەزیزی و کاك عەلی بەهرامی جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی سەردانی پارتی ئازادی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەرێزان: کاك عەلی قازی محەممەد سەرۆکی پارتی ئازادی، کاك حسەین یەزدانپەنا جێگری سەرۆك و شەماڵ پیران، رزگار عەبباسزادە و عەبدوڵا نەسیری و بیژەن زیبایی پێشوازی کران.

لە کۆبوونەوەی نێوان ڕێبەری سازمان و هەیئەتی پارتی ئازادی کوردستان، باس لە بارودۆخی جوڵانەوەی گەلی کورد و هاوکاری نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان کرا.

***

# کار و چالاکیەکانی پێوەندیی هەولێری سازمانی خەبات





: ڕۆژی سێ شەممە ١٠ی بەفرانباری ١٣٨٧، کاك بێهروز ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی نوێی پێوەندی هەولێری سازمان، و کاك عەلی بەهرامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و کاك بورهان شاهمورادی کادری پێوەندیەکان، سەردانی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد لە شاری هەولێر و لەلایەن بەڕێز: پشتیوان سادق بەرپرسی لقی دوو، شوان شێخ ئەحمەد کارگێری لق و بەرپرسی پێوەندیەکان، مامۆستا زیاد و مەلا هەندرێن کارگێرانی لق، و کەیفی هادی ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن پێشوازیان لێ کرا.

لە کۆبوونەوەی نێوان لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێوەندیەکانی هەولێری سازمان لە سەر مەسەلە سیاسیەکانی پێوەند بە گەلی کورد بە تێکرا و پێوەندیەکانی نێوان پارتی دیموکرات و سازمانی خەبات و بیروڕا ئاڵ و گۆڕ کرا.

هەردوولا لە سەر گەرم ڕاگرتنی پێوەندی و دۆستایەتی پێ یان داگرتەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی ٢٠٠٩/١/١٤ - بەفرانباری ١٣٨٧، بەڕێزان بێهروز ئەردەڵان لێپرسراوی پێوەندی هەولێر سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و بورهان شاهمورادی و رەحمان پوورکەریمی سەردانی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەولێر کرد و لەلایەن بەڕێزان مامۆستا بەکر مستەفا لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ و د.مەجید حەمە ئەمین کارگێری مەڵبەند و بەرپرسی پێوەندیەکان و موحسین یاسین کارگێری مەڵبەند و بەرپرسی پێوەندیە نیشتمانیەکان و شێخ تاریق ئەندامی پێوەندیەکان و جەمال عساف ئەندامی بەشی پێوەندیەکان بە گەرمی پێشوازی کران.

لەو دانیشتنەدا کە نزیك سەعاتێکی خایاند باس لە روداوەکانی ناوچە و کوردستان کراو هەر دوولا لە سەر نزیکی و دۆستایەتی زیاتر پێداگریان کردەوە.

رۆژی چوارشەممە ٣١ی دیسامبری ٢٠٠٨ شاندێکی پێوەندی هەولێری سازمانی خەبات کە پێك هاتبوون لە بەڕێزان: بێهروز ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندەی و لێپرسراوی پێوەندی هەولێر و بورهان شاهمورادی کادری پێوەندی بە بەبۆنەی کۆچی دوایی محەممەد نەزیر مستەفا سکرتێری الپارتی، سەردانی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کورد لە سوریە (الپارتی) یان کرد و لەلایەن پارێزەر مستەفا ئیبراهیم نوێنەری الپارتی لە هەولێر پێشوازی کران. شاندی سازمانی خەبات پرسە و سەرەخۆشی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانیان بە حیزبی دیموکراتی کورد الپارتی ڕاگەیاند.

بەرێز مستەفا ئیبراهیم، نوێنەری الپارتی سپاسی ڕێبەرایەتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانی کرد و خۆشحاڵی پارتەکەی لە سەر دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە هەیئەتی سازمان دەربڕی.

***

# زۆر بوونی دڵەڕاوکێ لە بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری ئانتی بیوتیك لە ئێران

**سەرچاوە: رادیۆ ئاڵمان**
**وەرگێڕ: یەحیا عەلیمورادی**

بەکارهێنانی لە رادەبەدەری ئانتی بیوتیك لە ئێران، بۆتە هۆی بێ کەڵك بوونی هێندێك لەم دەرمانانە. ئەم وەزعە هەڕەشەیێکی جیدی بۆ تەندروستی خەڵك بەدواوەیە. لەو دەمەدا، راپۆرتەکان باس لە کاریگەری خراپی ئابلوقەکان بۆ سەرهاوردە دەرمانیەکان دەکەن.

سەرۆکی ئەنجومەنی پسپۆڕان لەمەڕ "دامەزراندنی کومیتەی کیشوەری ئانتی بیوتیك تراپی" هەواڵی داوە. پێك هێنانی ئەم کومیتەیە بۆ بەرەورووبوونەوە لە بەرامبەر زۆر بوونی لەرادەبەدەری سەرانەی بەکارهێنانی ئانتی بیوتیك لە ئێرانە.

دکتور ئیرەجی خەسرۆ نیا لە ووتوویژ لە گەڵ هەواڵنێری ئیسنا، ئیشارەی بە زۆر بوونی بەکارهێنانی ئانتی بیوتیك لە ئێران و شوێنەوارە خراپەکانی کرد و رایگەیاند: سەرانەی بەکارهێنانی ئانتی بیوتیك لەم وڵاتەدا زیاترە لە وڵاتانی دیکە. بەم پێیە، "کومیتەی کیشوەری ئانتی بیوتیك تراپی" پێك هاتووە تا بۆ بەرەورووبوونەوە لە گەڵ ئەم کێشەیە رێگا چارەیێك بدوزێتەوە. ئەم کومیتەیە پێك هاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتی تەندروستی، زانکۆکان و هێندێك لە سەرۆك ئەنجومەنەکانی پزیشکی.

**هەڕەشەی جیددی بۆ تەندروستی خەڵك:**

بە بڕوای کارناسان، بە هۆی بەکارهێنانی لەرادەبەدەری ئانتی بیوتیك لە ئێران و بەرگری میکروبەکان لە بەرامبەر ئەم دەرمانانە، نەسڵی یەکەمیان وەك ( ئامپی سیلین و پنی سیلین) لە ئێران خەریکە کاریگەریان لە ناودەچێ و ئەم مەسەلەیە دەتوانێ لە داهاتوودا بە توندی تەندروستی دانیشتووانی ئێران بخاتە مەترسی.

فاتیمە سلێمانی، بەرێوەبەری کومیتەی کیشوەری چاودێری دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی، سەرەتای مانگی سەرماوەزی ئیمساڵ لە ووتوویژێکدا رایگەیاند: لە لایەکەوە شاهیدی بەکارهێنانی لە رادەبەدری ئانتی بیوتیك و دەرمانە تەزریقیەکان لە ئێرانین و لە لایەکی دیکەوە سەرەرای بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی دیابت و فشاری خوێن، دەرمانی ئەم نەخۆشی یانە وەکوو پێویست بەکار نایێ و جۆری بەکارهێنان یان ئاکامی نیە.

سلێمانی بە پێداگرتن بەمەی کە لە ئێران، مەسەلەی مقاومەتی میکرۆبەکان لە بەرانبەر درمانەکانی نەسڵی یەکەمی ئانتی بیوتیك جیددیە، بارودۆخەکەی بەرەو قەیران چوون وەسف کرد. بە ووتەی ناوبراو سڕینەوەی دەرمانەکانی نەسڵی یەکەمی ئانتی بیوتیك لە ئێران ئاکامی خراپی یەك بە دوای یەکی لێدەکەوێتەوە کە بودجەیەکی قورسی دەوێ و گرینگتر لەوە ئاکامی خراپی دەرمانەکانە کە هەڕەشە لە تەندروستی خەڵك دەکا.

**هۆی بەکارهێنانی لەرادەبەدەری ئانتی بیوتیك:**

کانارسان هۆگەلێکی جۆراوجۆر لە کاریگەر نەبوونی نەسڵی یەکەمی ئانتی بیوتیکەکان لە ئێران ناودەبەن. بەکارهێنانی ئانتی بیوتیکەکان بە بێ نووسینی دکتور، بەکارهێنانی زۆر و سەربەخۆیانە، خۆ دەرمان کردن، بەکارهێنانی ناپێویستی ئانتی بیوتیکەکان لە لایەن هێندێك لە دکتۆرەکان، پەیوەندی دکتۆرەکان لەگەڵ دەرمانخانەکان بە مەبەستی سەوداگەری، چڵکە کۆنترۆڵ نەکراوەکان لە نەخۆشخانەکان، بەکارهێنانی نارێك و پێکی ئەم دەرمانانە لە لایەن نەخۆشەکان لەو هۆیانەن کە باس کراون.

خەسرونیا سەرۆکی ئەنجومەنی پسپۆڕانی ناو ئێرانیش لە درێژەی ووتوویژەکەی لە گەڵ ئیسنادا، سەرەرای راگەیاندنی زۆر بوونی بەکارهێنانی ئانتی بیوتیکەکانی نەسڵی چوارەم ووتی: ئەم دەرمانانە نرخێکی گرانیان هەیە، لە دەرەوە دێت و لە هەمان حاڵدا کاریگەری یان بۆ هێندێك لە نەخۆشیەکان نیە.

**کاریگەری ئابلوقەکان لە سەر بارودۆخی بازاری دەرمان:**

چوونە سەری رادەی ئانتی بیوتیکە هاوردەکان لە دەرەوە، لە حاڵێکدایە کە سەرۆکی یەکیەتی کرِیارانی دەرمانی هاوردە لە کاریگەری مەنفی ئابلوقەکان بۆ دابین کردنی دەرمانی پێویست لە ئێران هەواڵی داوە. ناوبراو لە ووتوویژێکدا لە گەڵ رۆژنامەی ئیعتیمادی میللی دەڵێ: بە پێی ئیستانداردە نێونەتەوەییەکان دەبێ لە دەرمانێك بە قەت یەك مانگ تا یەك ساڵ زەخیرە هەبێ تاکوو لە کاتی رووداوێك، تا چەند مانگ کەمبونی دەرمان روونەدا بەڵام بە هۆی نەبوونی نەخدینگی، دەرمان بە قەت پێویست لە ئەمبارەکاندا نیە و تەنانەت لە حاڵەتی ئاسایی دا لە گەڵ کەمبونی دەرمان بەرەوروو دەبین، بەم پێیە وەزارەتی تەندروستی دەبێ یارمەتی بدا تاکوو کێشەی تەحریم چارەسەر بکرێ. سوبحانی وریایی داوە کە ئەگەری توند کردنی تەحریمەکان پانتایی کێشە باس کراوەکان زۆرتر دەکا.

# سکرتێری گشتیی سازمانی خەبات بەشداری پرسەی خاڵە محمدی رەسوڵی کرد

ڕۆژی هەینی ٦ی بەفرانباری ١٣٨٧ی کۆچی خۆری بەرێز کاك بابەشێخی حسێنی سکرتێری گشتی سازمان، بە هاورێی بەرێزان سەیید کامیل نورانی فەرد، خوشکە زێنەب حسێنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی سازمان و ژمارەیێك لەکادر و پێشمەرگەکانی سازمان، بەشداری پرسەی بەرێز خاڵە محمدی رەسوڵی باوکی شەهیدانی سەربەرزی ڕێگەی سازمان، کاك مەلا عەلی و کاك صالح رەسوڵی یان لە شاری سلێمانی کرد و لەنزیکەوە پرسە و سەرەخۆشی یان بە دایکە ئامین خێزانی خاڵەمحمد و کاك سەعید و کاك ئەبوبەکر و کاك لەتیف رەسوڵی و تێکڕای خانەوادەی مەرحوم خاڵە محمد پێش کەش کرد.

خاڵە محمد رەسوڵی کەسایەتی تێکۆشەر و دڵسۆزی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بوو رێبەرایەتی سازمان رێز و خۆشەویستی زۆریان بۆی هەبوو، خاڵە محمد لە ساڵی١٣٦٠ی کۆچی خۆری لەگەڵ سازمان بوو و دۆستایەتی لەگەڵ بەرێز مامۆستا سەیید جەلال الدین حسێنی و بەرێز کاك بابەشێخی حسێنی و سەرکردایەتی سازمان هەبوو.

بەکۆچی دوایی خاڵە محمد رەسوڵی، سازمانی خەبات ی کوردستان یەکێك لە دۆستە دڵسۆز و کەسە بەئەمەگەکانی لە دەست دا کە زیاتر لە ٢٥ ساڵ بە بەردەوامی خزمەتی بە سازمان و گەلی کورد کرد و لەولاپێناوە دا دوو کوڕ و برایێکی شەهید کرا. لەخوای گەورە داواکارین رۆحی پاکی ئەو مرۆڤە بەنرخ و کوردپەروەر و دڵسۆزە بەبەهەشتی بەریتن شاد بکا.

***